

**ئەگەرچی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تا رادەیەکی زۆریش رێگر و بەربەست بوون لەبەردەم هونەرمەندانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بەڵام سەرەڕای ئەمەش نەبوونەتە هۆی ئەوەی کە بتوانن رێگە لە دەرکەوتنی بەهرە هونەرییەکان بگرن بۆ ئەوەی لە بواری گۆرانی و مۆسیقادا خزمەت بە گەلەکەیان بکەین. دەروێش سەرحەدی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە خاوەن بەهرەیەکی هونەری لە بن نەهاتووە، چونکە جگە لە دەنگە خۆشەکەی، شارەزاییەکی زۆری لە ژەنینی چەندین ئامێری مۆسیقی رەسەنی کوردی هەیە، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.**

## دەروێش سەرحەدی:

# با پێشخستنی هونەری کوردی لەسەر حیسابی رەسەنایەتی نەبێت

***چۆن رەسەنایەتی ئامێرە مۆسیقییەکانی خۆمان دەپارێزین؟**

- ئەم پرسیارە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆرە بۆ ئەوەی ئێمە سەرەتا ئامێرە مۆسیقییە کوردییەکان جیا بکەینەوە لە ئامێری مۆسیقی میللەتانی دیکە، بە بڕوای من (رەبابە) یەکێکە لە ئامێرە هەرە رەسەنەکانی کورد کە لە دێر زەمانەوە بەکارهاتووە و هەر ئێمەی کوردیش دروستمان کردووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوەی نییە کە تەنیا لە گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا بەکاردێت، بەڵکو هەموو گەلانی دنیا دەتوانن بەکاری بهێنن، بە هەمان شێوە نەتەوەکانی دیکەش ئامێری مۆسیقی تایبەت بە خۆیان هەیە کەچی لەلایەن گەلانی ترەوە بەکار دەهێنرێت.

*** لە هەموو پارچەکانی کوردستان پێتوایە ئێستا هونەری کوردی لە چ قۆناغێکدایە؟**

- سەرەڕای هەموو شتێك دەڵێم بەشێوەیەکی گشتی هونەری کوردی پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە جا گۆرانی و مۆسیقا یان شانۆ یان شێوەکاری بێت، جاران هونەری کوردی لە گوند لە شایی و گۆڤەندەکان زیاتر ناسرا بوو، ئێستا چووەتە شار و ئۆرکێسترا و تاد .. بەڵام ئێستا هەوڵ بدەین ئەم پێشکەوتنە پەرە پێ بدەین بەرەو باشتر و پرۆفیشناڵتر بەتایبەتی لە بواری مەقام و گۆرانییە رەسەنە کوردییەکان کە ئێمە پێی ناسراوین بۆ ئەوەی ناسنامەی هونەری خۆمان لە دەست نەدەین.

سەبارەت بە پارچەکانی کوردستان دیارە هەر پارچەیەك بە بارودۆخی سیاسی تایبەتیدا تێپەڕیوە، ئەمەش کاریگەری بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانەوە هەبووە، لەوانەش لایەنی هونەری.

*** راستە هەندێك کەس دەڵێن هونەری کوردی رەسەنایەتی خۆی لە دەستداوە؟**

- زۆر جار وا هەست دەکەم کە مۆسیقای کوردی ناسنامەی خۆی لە دەستداوە، چونکە دەبینین رۆژ دوای رۆژ مۆسیقای راستەقینە بەرەوە کەمبوون دەچێت و ون دەبێت، هەر هەرێم و ناوچەیەك مۆسیقای تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام پێویستە ستایلێکی کوردی هەبێت کە پێی بناسرێتەوە، هەروەها ئێستا ئێمە نازانین ناسنامەی هونەریمان چییە و لە چی پێکهاتووە ئەمەش کێشەیەکی دیکەی گەورەیە، ئەمەش بە رای من بۆ سەربەخۆ نەبوونی هونەرمەندان دەگەڕێتەوە هەموویان لەژێر فەرمانی ئەم و ئەو کار دەکەن کە ئەمەیان کاریگەری لەسەر کەسایەتی خودی هونەرمەندەوە هەیە، وایلێهاتووە هونەرمەند نەتوانێت بۆ خۆی کارێکی هونەری بەرهەم بهێنێت و بینێرێتە بازاڕ، بۆیە قەدەری کورد لە دەست کەسانێك دایە کە ئەوانیش تواناکانیان سنووردارە، لە لایەکی ترەوە هەر هونەرمەندێك سەر بە لایەنێکی دیاریکراوە و ناتوانێت لە فەرمانی دەربچێت، پاراستنی رەسەنایەتی هونەری کوردی بەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایە کارێکی ئاسان نییە.

*** ئایا هونەرێك هەیە پێی بڵێین هونەری نەتەوەیی کوردی؟**

-بێگومان هەموو هونەری کوردی هونەرێکی نەتەوەییە تەنانەت گۆرانییەکانی ئاشق و ئەڤیندارانیش هەمووی بەر لەوەی راستەوخۆ بۆ کچ یان کوڕ بێت بۆ کوردستان بووە و ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەمەش بۆ بندەستی و مێژووی پڕ لە نەهامەتی گەلی کورد دەگەڕێتەوە.

*** هونەرمەندان چۆن دەتوانن هونەری کوردی پێش بخەن؟**

-بێگومان پێویستە هونەرمەندان هەوڵێکی زۆر بدەن بەلایەنی کەمەوە هەوڵ بدەن لە ئاستێکی جێگیر، بەڵام نابێ پێشخستنی هونەری کوردی لەسەر حیسابی ونکردنی مۆرکی نەتەوایەتی بێت، دوای دەیەها ساڵ لە داگیرکاری و وێرانکاری کوردستان، بە هەوڵ و خەباتی هەموو لایەك وڵاتی ئێمە ئازادبوو، ئێمە سەر لە نوێ وڵاتی خۆمان دەکەینەوە لە پرۆسەیەکدا کە ئاوەدانی هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە و پێمان ناوەتە قۆناغێکی نوێ.

***تا چەند گەشبینی بەرامبەر بە داهاتووی هونەری کوردی؟**

ـ وەك پێشتر وتم هونەری کوردی هەنگاوی باشی ناوە، هەروەها ژمارەی کەسانی بەتوانا و گرووپی مۆسیقا لەزیادبووندان ئەمەش مایەی دڵخۆشییە، بەڵام پێویستە هەماهەنگی و هاوکاری زیاتر لەنێوان هونەرمەندانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان زیاتر بێت بۆ ئەوەی بە هەموومان بە جیهان بڵێین کە ئێمەی کوردیش خاوەن هونەر و کولتووری نەتەوەیی و تایبەتی خۆمانین و لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکاندا شانازی پێوە بکەین.

*** تایبەتمەندییەکانی موزیکی کوردی چین؟**

- پێویستە نەوەکانمان موزیکی کوردی بناسنەوە رەنگە ئەمە بۆ هاووڵاتییەکی ئەورووپی زۆر گرنگ نەبێت، چونکە ئێمە لە ناوچەیەکداین پێویستیمان بەوەیە بوون و ناسنامەی خۆمان بپارێزین تا ئەو کاتەی دەگاتە ئاستێکی بەرز، بۆ پاراستنیشی پێویستە هەر لە منداڵەکانمانەوە زۆر گوێ لە موزیکی رەسەنی کوردی بگرین، خەریکی لێکۆڵینەوەیەکم تێیدا بۆم دەرکەوتووە هەرچەندە ئێمە و باب و باپیرانیشمان گوێیان لە موزیکی کوردی گرتووە، بەڵام تا ئێستا بە تەواوی موزیکی رەسەنی کوردی ناناسین، چونکە ئەوەندە دەوڵەمەندە بە رەنگ و جۆرەکانی، کاتێك ئەم موزیکە رەسەنە نۆژەن بکرێتەوە و خەڵکانێکی بێگانە گوێی لێبگرن بەمە خزمەتێکی زۆر پێشکەش بە موزیکی رەسەنی کوردی و موزیك بە گشتی دەکەن، بەڵام کاتێك ئەگەر کۆپییەکی فارسی یان عەرەبی پێشکەش بکرێت لەسەر گۆرانییەکی کوردی ئەوا بۆ مرۆڤێکی ئەورووپی کارێکی کۆنە و نوێیەکە موزیکی کوردییە، بۆیە پێویستە زیاتر گوێی لێبگیرێت لە قوتابخانە و ماڵەوە، تەلەفزیۆنەکان گرنگی زیاتری پێبدەن، بەمەش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەتوانی کاری رەسەن پێشکەش بکەیت، لە هەمان کاتدا ئاساییە ئەگەر کەمێك فارسی یان عەرەبیشی تێکەڵ بکرێت بە مەرجێك کۆپی نەبێت رەسەنایەتی کوردی پێوە دیار بێت.

*** رات چییە بەرامبەر بە کلیپە کوردییەکان؟**

- بەڕای من نابێ هەر کەسێك کە کەمێك شارەزای لە وێنەگرتن و کاری دەرهێنەری بێت رێگە بە خۆی بدات کلیپێك بەرهەم بهێنێت، هەروەها نابێ هونەرمەندەکەش رازی بێت بە هەر کەسێك بۆ ئەوەی کاری دەرهێنانی کلیپی بۆ بکات، پێویستە کۆمپانیای تایبەت و پرۆفیشناڵ هەبێت تایبەت بە کلیپ، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە لە باشووری کوردستان ژمارەیەك کلیپی جوان و پێشکەوتوو بەرهەمهاتوون، هەرچەندە جۆرە پێکچوونێکیان پێوە دیارە، بەڵام دڵنیام ئەم کەموکوڕیانەش بە کەمێك ماندوو بوون نامێنن و کاری جوانتر و پێشکەوتووتر پێشکەش دەکرێن لە بواری کلیپدا.

***هونەری رەسەن لای تۆ چییە؟**

- بۆ گۆرانیبێژ دەنگی خۆش بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها دەبێ گرنگی زۆر بە فۆلکلۆری کوردی بدرێت و بە بەشێك لە ژیان و کولتووری نەمری خۆی بزانێت، ئاساییە هونەرمەند گۆرانی نوێ و سەردەمیانە بڵێ، بەڵام با روحی کوردی تێدا بێت، بە تایبەتی لە موزیك ئەمانە هەموویان دەبنە مایەی بناغەیەك بۆ دروستکردنی گۆرانی کوردی رەسەن کە بتوانین لە هونەری گەلانی دیکەی جیایان بکەینەوە.

***ئایا نزیك بوونێك لە نێوان هونەری کوردی و تورکیدا هەیە؟**

- هونەر و کولتووری هەر گەل و نەتەوەیەك بەستراوە بە مێژووی و رووداوەکانی ئەم گەلە بە درێژایی مێژوو، راستە بە حوکمی جوگرافیا و نزیکبوونمان لە نەتەوەکانی تورك و عەرەب و فارس بە تایبەتی جۆرە لێك نزیك بوونێك هەبێت، بەڵام هونەری هەر یەکێك لەم نەتەوانە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە کە پێی دەناسرێتەوە، تۆ لە هەر شوێنێك گوێت لە ئاوازێکی ئەم نەتەوانە بێت دەزانی هی کامیانە ئەگەر زۆریش لە یەکتر نزیك بن، بۆ نموونە گوێت لە گۆرانییەکی تورکی بێت ئەگەر ئاوازەکەی لە ئەسڵدا کوردی بێت یەکسەر هەست بەوە دەکەی ئەم گۆرانییە مۆرکێکی کوردی پێوە دیارە.





# عادل ئیمام لە ترسی ماچ کردن ناهێڵێ کچەکەی ببێتە ئەکتەر

ئەستێرەی کۆمیدیا عەرەبی عادل مکورە لەسەر ئەوەی کچەکەی نەچێتە نێو گۆڕەپانی هونەرییەوە بەهۆی ئەو دابونەریتانەی کە تا ئێستاش پێوەی پابەندە، لە هەمان کاتدا عادل ئێمام پێشبینی ئەوەی کرد کە محەمەدی کوڕی ببێتە یەکەم ئەستێرەی کۆمیدیا هەرچەندە دووچاری زوڵم دەبێتەوە لە کاروانی هونەری خۆیدا.

عادل ئێمام لە دیمانەیەکیدا دەربارەی کچەکەی دەڵێ:من ئێستاش لەسەر هەمان هەڵوێستی خۆمم، چونکە من بە دابونەریت و فەرهەنگێکی ئەوتۆ پەروەردە کراوم کە ڕێگا نادەن رازی بم بەوەی کچەکەم ببێتە ئەکتەر، چونکە من لە ئەساسدا خەڵکی مەنسورەم و بە هیچ شێوەیەك دڵخۆش نابم کە ببینم ئەکتەرێکی کوڕ کچەکەم ماچ بکات دواتریش من بچم دەستخۆشی لێ بکەم و بڵێم دیمەنێکی جوان بوو. هەر دەربارەی ماچ عادل ئێمام گوتی:دەڵێم ماچ دەبێ بیانوویەکی درامی هەبێت، زۆر جار هێرشم کراوەتە سەر لەسەر ئەم بابەتە تەنانەت هەندێك کەس بە تیرۆریست تاوانباریان کردم.


# هەیفا هەرەشە لە رۆتانا دەکات



دوای ئەوەی هەیفا وەهبی لە ماوەی رابردوو لە چەند کێشەیەکی یاسایی سەرکەوت بەتایبەتی لەگەڵ یەکێك لە خزمەکانی دوای ئەوەی بە دزینی زێڕ و خشڵە گرانبەهاکانی تاوانباری کرد بوو.

پێدەچێت لە ماوەی داهاتوودا دووچاری کێشەیەکی دیکە ببێتەوە لەگەڵ کۆمپانیای رۆتانا دوای ئەوەی هەرەشەی لە رۆتانا کرد بۆ ئەوەی گۆرانی «إیە دە إیە دە» کە بڕیارە رۆلا سەعد بڵاوی بکاتەوە و لە کەناڵەکانی رۆتانا نمایش بکرێت.

هەیفا رایگەیاند کە رۆلا گۆرانییەکەی لە بەڕێوەبەری پێشووی کارەکانی حەمادە ئیسماعیل کڕیوە بەشێوەیەکی نایاسایی و بەڵگەی تەواوی هەیە لەسەر قسەکانی.



# عادل ئیمام لە ترسی ماچ کردن ناهێڵێ کچەکەی ببێتە ئەکتەر

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی لە دیمانەیەکدا رایگەیاند کەوا ئێستا خۆی بە بڕوادار دادەنێت و رووی لە خوا کردووە بۆیە ئێستا هەست بە حەسانەوەیەکی دەروونی زۆر دەکات، هەرچەندە پێشتر هەڵەی زۆرم کردووە، بەڵام ئەو هەڵانەش بە ئیرادەی خۆم بوون و ئەو کات ئامانجێکی تایبەتی لە پشت بوو. مەیسەم هەروەها دانی بە راستیەك نا ئەویش ئەوەیە کە دوای جیابوونەوەی لە رۆجیە عەقیلی هاوسەری هەستی بە ترس و دوو دڵییەکی زۆر دەکرد و زۆریش ماندوو بوو، بۆیە رووی لە چەند فاڵچییەك کرد بۆ ئەوەی ئارامی دڵ و دەروونی بۆ فەراهەم بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش ماوەی سێ ساڵ وابەستەی ئەم فاڵچیانە بوو تەنانەت من هۆگری قسەکانیان بووم و هیوایەکی زۆرم پێیان هەبوو، بەڵام ئەوان ئێش و ئازار و خەمەکانی منیان زیاتر کرد و دەرکەوت کە ئەو هیوایانەی پشتیان پێ بەست بوو هەمووی بەتاڵ بوو و ئەوەی فاڵچییەکان بۆیان دەگوت هەمووی درۆ بوو، چونکە تەنیا خوا دەزانی لە داهاتوودا چی روودەدات و ئەگەر ئێمە بمانزانیایە چی روودەدات ئەوا دونیا بەشێوەیەکی دیکە دەبوو.

مەیسەم هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە ئێستا پەشیمان بووەتەوە لەو هەڵە گەورەیەی کردبووی و هیوای خواست خوای گەورە لێی خۆش بێت بۆ ئەو هەڵەیە.

# فیلمە نوێیەکەی رۆبی بە کەڵکی نمایش کردن نایەت



خالد حەجەری دەرهێنەری نوێرین فیلمی کچە هونەرمەندی میسری رۆبی رایگەیاند بەر لەوەی فیلمەکە لە میسر نمایش بکرێت لە فیستیڤاڵەکان نمایش دەکرێت لەوانەش فیستیڤاڵی ڤینیسیای ئیتالی.

سەبارەت بەوەی بۆچی سەرەتا لە فیستیڤاڵەکاندا نمایش دەکرێت، خالد حەجەر رایگەیاند کە ئەم فیلمە تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە ئاستی فیلمە سیریەسەکانە هەر ئەمەش وایکرد بیر لەوە بکەینەوە سەرەتا پاڵپشتی دەرەکی بۆ فیلمەکە پەیدا بکەین، چونکە بابەتی فیلمەکە زۆر زەحمەتە لەرووی بەرهەمهێنانییەوە بۆیەش لە زۆر فیستیڤاڵ گەڕاین لەوانەش (کان و سانداس) تا توانیمان پاڵپشتی فەرەنسای بۆ پەیدا بکەین.

حەجەر ئەوە تۆمەتانەی رەتکردەوە کە هەندێك لە دەزگاکانی راگەیاندن دەربارەی فیلمەکە بڵاویان کردبۆوە وگوتی: هیچ دیمەنێکی سێکسی تێدا نییە کە بینەر نەتوانێت لەماڵەوە سەیری نەکات، فیلمەکە باس لە کەبتی سێکسی دەکات کە زۆر لە کچانی میسری و عەرەب پێوەی دەناڵێنن بۆیە زۆر زەحمەتە بە ئاسانی تەقەبول بکرێت.


بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com

## ڕۆژ کەریم:

# بەداخەوە ئێمە زیاتر هونەرمەندی بێگانەمان لا خۆشەویستە



*** ئێستا ڕۆژ کەریم چی نوێی لەبەرنامەدایە؟**

_ ئێستا خەریکی تەواوکردنی کارەکانی سیدیەکی نوێم کە بەرەو تەواو بوون دەچێت، زۆربەی ئاوازەکانی هی خۆمە و زۆربەی هۆنراوەکانیش هی هێمنی شێخ عومەرن.

*** هونەری کوردی لە چ ئاستێکدایە و گەشبینیت یان ڕەشبین؟**

_ سەرەتا زۆر گەشبین بووم، بەڵام ئێستا کارەکان بەشێوەیەکی تر دەڕۆن و ڕێچکەیەکی تریان گرتووە، بەڕای من کارێکی زۆر ترسناکە. جوڵەیەکی هونەری زۆر جوان هەبوو لە کوردستان خەریکە ئەو جوڵەیە خامۆش دەکرێت، بەداخەوە ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت بۆ هونەری کوردی زۆر خراپە. خەریکە هونەر لە هونەرێکی ڕاستەقینەوە دەگۆڕێت بۆ هونەرێکی تر.

*** گۆرانیە ڕۆمانسیەکانت زیاتر لای جەماوەر ناسراون لەو گۆرانیانەی کە خێران تۆ تێبینیت چییە؟**

_ نزیکەی بیست و پێنج ساڵە بەشێوەیەکی بەردەوام گۆرانی دەڵێم و لەناو کاری هونەری دام، لەو کاتەدا هەوڵمداوە بەشێوەیەك گۆرانی بڵێم کە هونەرمەندانی تر نەیان پێکاوە. پێشتر گۆرانی نامە و پەیام بوو، ئێستا دوو لایەنەیە وەك جاران نییە. هەوڵم داوە ستایلی تایبەت بە خۆم هەبێت و ئەوەش لە گۆرانیە ڕۆمانسییەکانم ڕەنگی داوەتەوە.

*** لە فەیس بووك ناوت هەیە ئایا تۆ بەشداری یان وەك هەندێ هونەرمەند کەسی دیکە ئەو ناوەی تۆی هەڵبژاردووە بۆ خۆی و تۆ ئاگات لێی نییە؟**

_ بەناوی ڕاستەقینەی خۆمەوە بەشدارم و کەسێکی دیکەش هەیە بەناوی ڕۆژ کەریم، بەڵام هاوڕێکانم ئامۆژگاری ئەوەیان کردووم کە بە ناوی خۆم بەشدار بم.



***ماوەی ٢٥ ساڵ دەبێت هونەرمەند رۆژ کەریم لە رێگەی گۆرانی و مۆسیقاوە، خزمەت بە هونەری کوردی دەکات، هەر کاتێك بەرهەمێکی پێشکەش کردبێت ئەگەر لە هی یەکەم باشتر و رەسەنتر نەبووبێت، ئەوا لێی کەمتر نەبووە و بوونی خۆی پێ سەلماندووە بۆ جەماوەر، هەروەها هونەرێك پێشکەش دەکات کە تێکەڵێکە لە هونەرێکی نوێ و سەردەمیانە لەگەڵ هونەری رەسەنی کوردی، رۆژ کەریم ئێستا لە دەرەوەی وڵات ژیان بەسەر دەبات بۆیە لە دەرفەتێکدا بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.***

***دیمانە: داریۆ***

زۆر شارەزا نیم و زۆر ئینتەرنێت بەکار ناهێنم، بەڵام وەك وتم پرۆفایلی تایبەتی خۆم هەیە.

***هەندێك لەو هونەرمەندانەی لە تاراوگە دەژین دەڵێن لە کوردستان وەك غەریبە سەیر دەکرێین، ئەوانەی کوردستانیش دەڵێن ئەوەندەی یارمەتی ئەوان دەدرێت یارمەتی ئێمە نادرێت، تۆ رات چییە دەربارەی ئەمە؟**

_ بە بڕوای من ئەو هونەرمەندانەی لە کوردستان دەژین نییە مووچەی نەبێت و یارمەتی نەدرابێت. بۆچی پێویستە یارمەتی هونەرمەندانی تاراوگە بدرێت، لەبەر ئەوەی ئەوانە هونەری کوردیان بەرەو پێشەوە برد و لەگەڵ رێزم بۆ هونەرمەندانی کوردستان زۆرینەی کارە باشەکان لەسویدەوە دەردەچن و بڵاو دەبنەوە و هونەرمەندانی کورد لە سوید ئەتوانم بڵێم شۆڕشێکیان بەرپاکرد لەڕووی هونەرییەوە. بە هەمان شێوە هەقی خۆیەتی بەپێی پێویست هاوکاری هونەرمەندانی کورستانیش بکرێت، بەڵام بەداخەوە زۆربەی کارەکان رێچکەیەکی کەسی و تایبەتیان وەرگرتووە لە وەزارەتەکان و بەرپرسەکان.

***وەك کوردێك ژیانی تاراوگەت پێ چۆنە؟حەز دەکەی ئێستا لەسوید یان لە کوردستان ژیان بەسەر ببەی؟**

_ زۆربەی ئەوانەی هاتوونەتە دەرەوە هەمووی بەهۆی باری ئابووری و سیاسی بووە، ئەگەر تێبینی بکەی زۆربەمان بەنیازین بێینەوە، من یەکێکم لەو کەسانەی ئاواتەخوازم بێمەوە، هەموو رۆژێك بیر لەوە دەکەینەوە بێینەوە وڵاتی خۆمان. بەڵام هاتنەوەش قسەی خۆی هەیە، من چەندین ساڵە لێرەم ژیانم بۆخۆم پێکهێناوە ئێستا بێمەوە کوردستان هیچم نییە و دروستکردنی ژیان جارێکی دیکە کارێکی قورسە. کە دێیتەوە کوردستان بەشێوەیەکی تر مامەڵەت لەگەڵ دەکەن، وەك غەریبە و بێگانە، یەکەم شت لە فرۆکەخانە دادەبەزیت تۆ میوانی و پێت دەڵێن ئیقامەت وەرگرت. هەندێ شتت رووبەڕوو دەبێتەوە کە پێویست ناکات هەبێت.

*** ئایا جگە لە کوردەکان میللەتانی تر و هاووڵاتی ئەوروپی تاچەند جەماوەری هونەرمەندانی کوردی تاراوگەن و سەرسامن پێیان؟**

_زۆربەی جەماوەری ئێمە پێکهاتووە لە کورد، بەڵام بەداخەوە ئێمە واین زۆرتر هونەری بێگانەمان لا خۆشەویستە و زیاتر حەزمان لەهونەرمەندی بێگانەیە نەك کورد، لە کوردستان جەماوەری هونەرمەندی غەیرە کورد زۆرە لە کاتێکدا ئێمە لەڕووی ئاواز و هۆنراوە و گۆرانی وتنەوە زۆر پێشکەوتووین. سەبارەت بە من لەسوید زۆرکەس لەکاتی ئامادەبوون لەکۆنسێرتەکان و رووبەڕووش پێیان وتوم دەنگت خۆشە و سەرسامی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر دەنگی من، خۆزگە جەماوەری هونەری کوردی ئەوەندە بایەخی بە هونەرمەندانی بێگانە نەدەدا.

***پێوەندیت چۆنە لەگەڵ هونەرمەندان؟**

_زۆربەی هونەرمەندەکان هاوڕێی منن، ئاگاداری هەواڵی یەکترین و پێوەندیمان بەهێزە، لەوانە پەیوەند جاف و ئەژدەر و هەردی و ئەتوانم بڵێم زۆربەیان.

*** کاتی خۆی لەسەر گۆرانی ریتا رەخنەی زۆرت ئاراستە کرا، ئێستا چیت هەیە دەربارەی ئەوە؟**

_هەموو شتێکی نوێ رووبەڕووی رەخنە دەبێتەوە، کلیپی ریتا بۆ کاتی خۆی شتێکی نوێ بوو، پێش کات کەوت ئێستا ئەگەر سەیری بکەی زۆر کلیپی دیکە بەرهەم هاتوون و زۆر ئاساییە لای جەماوەر، ریتا کلیپێکی کۆمیدی بوو یەکەم جار بوو بەو شێوەیە کلیپێك تۆمار بکرێت، بۆیە هەندێ کەسیش ئەو قسانەیان کرد کە زیاتر بۆ ئەوە بوو خۆیان ناسراو بکەن لەسەر حیسابی من.

*** ئەگەر کچێکی وەك ریتا پێت بڵێت خۆشم ئەوێی چی پێ دەڵێی؟**

_ ئێستا خێزانم هەیە و خاوەنی کوڕێکم (بەپێکەنینەوە)، بەڵام هەموو قۆناغێکی تەمەن کاردانەوەی خۆی هەیە، خۆی کێشەی کلیپەکە لەوە سەریهەڵدا کە ئەوان لەمەبەستی من نەگەیشتن یان لەپەیامی کلیپەکە نەگەیشتن. گۆرانی ڤیدیۆ لەچەند رەگەزێکی سەرەکی پێکهاتووە وەك ئاواز و هۆنراوە و دابەشکردن و وێنە و مۆسیقا، کە سەیری کلیپەکە بکەی دەزانی پەیامی من چییە، بەڵام وەك وتم کەسانێك بۆ ئەوەی بناسرێن ئەو قسانەیان کرد ئەگەرنا ئێستا زۆر کلیپی تر هەن و بەو شێوەیە رەخنەی لێ ناگرن لەبەر ئەوە ئەوەی من بۆ کاتی خۆی زوو بوو، من پێش سەردەمەکە کەوتم.

*** کەی دێیتەوە کوردستان؟**

_ خۆشحاڵم بێمەوە کوردستان و زۆر پێم خۆشە بەیەکجاری بێمەوە، خۆزگە لایەنی هونەری ئەوەندە خامۆش ناکرێت، لێپرسراوانی کورد کاریان لەسەر زۆربەی لایەنەکان کردووە لەسیاسەت و بیناسازی و جوانکاری، کوردستان زۆر پێشکەوتووە و شانازی پێوە دەکەین، خۆزگە زیاتر بایەخ بە هونەر دەدرا، ئێستا کۆمپانیاکان زۆر روو لەکوردستان دەکەن و بەرەو پێشچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەق وایە هونەریش زیاتر بایەخی پێبدرێت و لەو پێشکەوتنە بێبەش نەبێت.

# بەسەرکردنەوەی فێرگەی بالێی سلێمانی



***فێرگەی بالێی سلێمانی لەساڵی ١٩٩٨بە فەرمی کراوەتەوە و لەو کاتەوە دەستی بەکارەکانی کردووە. تائێستا دوو فیستیڤاڵی لەشارەکانی کوردستاندا کردۆتەوە.***

***بۆئەو مەبەستە بەگرنگمان زانی دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا رووبار ئەحمەد بەڕێوەبەری فێرگەکە ساز بکەین.***

***مامۆستا رووبار لەساڵی ١٩٦٨لەدایك بووە لەساڵی ١٩٩٢ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی لەبەغداد تەواو کردووە. لەماوەی خوێندنی ئەو چوار ساڵەیدا لەقوتابخانەی مۆسیقاو بالیەی عێراق سەرجەم وانەکانی تایبەت بەهونەری بالێی تەواو کردووە. ئێستا بەڕێوەبەری فێرگەی (بالێ)ی سلێمانییە.***

***ئا/ سۆزان عەلی***

* سەرەتا حەز دەکەین کەمێك باس لە مێژووی دروست بوونی هونەری (بالێ) مان بۆ بکەی؟

- هونەری بالێ لەساڵی (1576) لەئیتالیا بۆ یەکەمجار سەری هەڵدا. مەلیکەی ئیتالیا بەڕێوەی دەبرد، بەڵام دواتر شوو دەکات بە مەلیکی فەرەنسا بەمەرجێك ئەم هونەرە بباتە وڵاتی فەرەنسا. بۆیە وشەی بالێ وشەیەکی فەرەنسیەو بەمانای ئەوە دێت کۆبوونەوەی دەوری خوان. واتە کاتێك میوانی کۆشکەکان هاتووە ئەم سەمایە لەدەوری مێزی نان خواردنەکەدا کراوە. هەروەها هەموو جووڵە هونەریەکانی بالیا. ناوی تایبەت بەخۆیان هەیە و پێوانەی هەیە، واتە بەسەنتیمەتر پێوانە دەکرێت. ناوەکان (بێریڤەیس، ئارەبیسك، کوپێ... تاد)

بەڵام دواتر رووسییەکان قوتابخانەی تایبەت بە بالیایان دانا، زۆر جوانتر لەفەرەنسییەکان و ئیتالییەکان توانیان هونەرەکە باشتر پێش بخەن. لەسەردەمی رێنیسانسدا فەرەنسییەکان باشتر پەرەیان پێدا. بە جۆرێك بەشێوەی وانە وتنەوە وەك چۆن نۆتەی مۆسیقا دەنووسرێتەوە ئاوا نۆتەی سەمای بالێ دەنووسرێتەوە. ئێستا لە وڵاتانی ئەوروپا بلیتی چوونە ژوورەوەی لەهەموو بلیتەکانی تری هونەری گرانترە.

* لە کوردستان لەکەیەوە ئەم هونەرە گەشەی کردووە؟

- لەساڵی نەوەدەکانەوە هەوڵم داوە ئەم هونەرە لە کوردستان دروست بکەم، چ لە رێگەی کەرتی تایبەتەوە چ لە رێگەی دەسەڵات و وەزارەتە پێوەندیدارەکانەوە، بەڵام وەڵامدانەوەی ئەم پرۆژەیەی من

گەیشتە ساڵی 2008 لەلایەن وەزیری پێشووی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان د.دڵشاد عەبدولرەحمان ئەو بڕیارە دەرچوو کە فێرگەی بالێ بکرێتەوە. واتە لەبەرواری 21/2/2009 یەکەم وانەمان وتەوە و لەبەرواری 18/8/2009 دا یەکەمین فیستیڤاڵی بالێمان کردەوە و نمایشەکەمان بردە هەولێر و دهۆکیش. ئەمساڵیش لە یادی جەژنی منالان نمایشێکی ترمان کردەوە.

* ئەم کۆمەڵگەیە چۆن بەرەو پێشچوونی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێك کە شایەنی باس کردن بێت؟

- ئێمە کۆمەڵگەیەکی سونەتیمان هەیە لەڕووی ئایینیەوە ئەم سەمایە ڕێگە پێنەدراوە، بەڵام سەرەتا ئاوا لێی دەڕوانن دواتر بۆ خۆیی دەبێتە کولتوور و بۆ خەڵکیش ئاسایی دەبێتەوە کە بەڵێ ئەمە هونەرەو هیچ عەیب و عارێکی نییە.

* ئایا کێشەی کەمی قوتابیتان نییە؟

- سەرەتا کێشەی قوتابیمان هەبوو، بەڵام ئێستا ئەو کێشەیەمان کەمتربۆتەوە، ئەوەندەی کەپێویستمانە بەهۆی بچووکی بیناکەمانەوە، ئەوەندەی قوتابییەی کەهەمانە بەقەد توانای فێرگەکەمانە، بەڵام هەندێك کێشەی ترمان هەیە وەك ئەوەی هەندێك قوتابی هەن زۆریان حەز بەم هونەرەیە، بەڵام کاتی دەوامی خوێندنی لەگەڵ دەوامی فێرگەی منە، ئەمە ئەو خوێنکارەی تووشی بێزاری و نائارامی دەروونی کردووە، لەکاتی نمایشی فیستیڤاڵەکەدا قوتابیم هەبووە لەکاتی نمایشەکەدا فریانەکەوتووە تا نمایشەکە تەواو بووە گریاوە، ئەمە بۆ من و ئەو قوتابیەش کێشەیە. کێشەیەکی ترمان ئەوەیە ئەو شوێنەی کەفێرگەکەی لێیە ئەوەندە دوورە لەماڵی هەندێك قوتابیەوە کە لەکاتی مەشقەکاندا ناتوانن لەکاتی خۆیاندا ئامادەبن.

* ئایا ئەم هونەرە نابێتە هۆی تێکچوونی جەستەی قوتابی؟

- لە رووی تەندروستیەوە ئەو راهێنەرەی کە مەشق بەقوتابیەکان دەکات دەبێت شارەزا بێت و ئاگای لەوە بێت چۆن قوتابی هانبدات بۆ ئەوەی ئاگای لەماسوولکەی قوتابیەکان بێت، شوێنی مەشقی ئێمە زۆر گونجاوە لەبەرئەوە تائێستا تووشی هیچ گرفتێکی تەندروستی قوتابی نەبووینەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستم بە دکتۆرێکی پسپۆر هەیە لەئێسك و ماسوولکەدا، چونکە نابێت هەر شتێك ببێت خۆم بیکەم.

